کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 21:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بروسکەیەک بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد لە دهۆک هەتا کەی کورد بە عەرەبی قسە لەگەڵ یەکدیدا بکەن. ؟ ... موحسین جوامێر**

هەروەک لە ژمارە 482 ی رۆژنامەی هێژای ئاسۆدا هاتووە، لقی دهۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، یاداشتێک دەداتە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کوردستان، بە مەبەستی گۆڕینی بەرنامەکانی خوێندن لە دەڤەرەکەدا، بۆ زاری بادینی.. هەروەها لە یاداشتەکەدا هاتووە:" پێویستە بەرنامەکانی خوێندن لە پارێزگەی دهۆک بە زمانی دایک بخوێندرێن، کە باشترین رێگەیە بۆ تێگەیشتنی فێرخواز".



پیاو کە خەبەرێکی ئاوا دەخوێنێتەوە، لە کوردایەتی و کوردستانییەتی هەموو کوردێک دەکەوێتە گومان و خەریکە بۆچوونەکانی دژبەکوردان دەوتران، پشتڕاست بکا و ئەشهەدوبیللایان بۆ بلێت، بێ زارگیران.. بەتایبەتییش قسەکە لە لایەنێکەوە دەردەچێ کە خڕیان نووسەرن و گریمانەی ئەوەیان لێ دەکرێت لە هەموو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ، هۆشیارتر وهەستیارتر بڕواننە گرفتەکان و زێتر بچنە قووڵاییی مەسەلە ترسناک و گرنگەکانی یەکسەر بە ئێستە و داهاتووی گەلەکەیانەوە، پەیوەندن.. نەخاسمە لەڕووی زمانەوە، کە ئیمکانی نییە گەلێک ـ تەنانەت بە شێوەیەکی کاتییش ـ بە دوو لەهجە بخوێنێ و پاشان بلێت: ئێمە یەک گەلین. ! ئەوەیش، قسەی بەندە نییە، فەرموودەی ئەوان زانایانە کە هەموو ژیانیان لە پێناوی شەرح و شرۆڤەی رۆڵی یەک زمان لە پاراستنی ناسنامە و رەسەنایەتیی یەک میللەتدا، بردۆتە سەر.

ئەوانەی بانگەشەی خوێندن بە زمانی دایک دەکەن و بەو بەزمەیان کوردان بەرەو (گەلان) دەبەن و دەڵێن خوێندن بەم زاراوەیە باشترین زامنە بۆ فام و تێگەیشتن، رەنگبێ بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە هەرگیز مەرج نییە زمانی خوێندنی مەکتەب لە زمانیماڵەوە نزیک بێت، بگرە جاری وا هەیە ئاسمان و رێسمان لێک دوورن، وەک زمانی عەرەبی و کۆمەڵگەی عەرەب کە لەگەڵ خزمێن دهۆکی هاوسنوورن.. باشترین نموونە، شاری مووسڵە کە نزیکترین شاری عەرەبییە لە دهۆک، کە ئەوەندەی بادینی و سۆرانی لێک نزیکن؛ ئەوەندە لەهجەی مووسڵ و زمانی پەتیی عەرەبی لێک نزیک نین.. ئەگەر هەمان رێسای نووسەرانی دهۆک لە مووسڵ پیادە بکەین، دەبێ زۆر زگمان بە منداڵی موسڵاوی بسووتێ و داوا بکرێت ئەوانیش ـ فەقیرانە ـ بە لە هجەی مووسڵاوی بخوێنن، چونکە خوێندن بە زمانی دایک؛ باشترین زامنە بۆ تێگەیشتنی فێرخوازان. !

هەر یەکێک سەردانی باکووری ئەفریقا بکات، چاک ئەو راستییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، بۆ دەردەکەوێت.. لە ساڵی 1991 دا سەردانی توونس و جەزائیرم کرد، بە هیچ شێوەیەک لە زمانی رۆژانەیان نەدەگەیشتم.. تاکە زمان کە کۆمانی دەکردەوە، پەتییەکەی قوتابخانە و کتێبان بوو. واتە هەزار خۆزگە بە شێوەکەی مووسڵ و بەغدا و میسر.. لە گەڵ هەندێشدا، سەرجەمی ئەو وڵاتانە شانازی بە زمانی پەتیی خۆیان دەکەن و بیر لەوە ناکەنەوە ـ بە هیچ بیانوویەک ـ زمانی دایک سەردار بێت. هەر لەم بوارەدا سەیدای زمانەوان د. عەلی عەبدولواحید وافی لە کتێبی (فقه اللغة) دا دەڵێت: " ئەگەر خوێندن بە لەهجە جۆراوجۆرەکانی عەرەبی بەرقەرار بێت، ئەوا لە وڵاتانی عەرەبدا هەزاران زمانمان بۆ لە دایک دەبن، بڕواش ناکەم ئاقڵێک ئەم ئاژاوەیە قبووڵ بکا یان دانی پێدا بنێت!".

ئەو بانگەوازەی هاونەتەوەمان لە نووسەرانی دهۆک، ئەگەر بێتوو چارەسەرییەکی دووربینانەی واقیعبینانەی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا ئیعلانی تەلاقە لە رووی زمان و گەلی کورد و سەرەتای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەترسییەکی مەزنە بۆ پەرتەوازە بوونی کورد وەک گەل و نەتەوە.. بۆی هەیە ئەو شێوە داخوازینامەیە؛ بۆ شوێنی دیکەی کوردستانیش تەشەنە بکات.. کەس نەڵی با ئێستە وا بڕوات، پاشان مێژوو چارەسەری دەکا و ڕۆژێک دێ شێوەکان بە قەزاو قەدەر وەک جۆگەلە دەگەنەوە یەک و ئەو وەختە زمانی عەزیمی کورد؛ دروست دەبێت.. ئەم بانگەشەیە ـ ئەگەر کڵاولەسەرنان نەبی ـ ئەوا دڵدانەوە و خۆوخەڵک فریودانە و لە تەرازووی دیرۆکی بزاڤ و هاتنەکایەی زمانان و لەهجان لە مێژوودا؛ نرخی یەک قلە مێوژیان نییە. ! میللەتی وریا و کارا و جەربەزە؛ ببڕای ببڕای بە تەمای نیسکێ لە ئیمانێ ناگەڕێت.

لە یاداشتنامەکەدا هاتووە " ئەزموونی خویندن ـ بە دیالێکتی سۆرانی ـ لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا، سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.. بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستیی فێرخوازانی دهۆک.. مامۆستاکانیش ناتوانن بابەتەکە شی بکەنەوە. ! " باشە، ئاخۆ بۆ کاتێ لە حەفتاکاندا کتێبی کوردی ڕاونران و هی عەرەبی هاتنە شوێنیان، ئاستی خوێندن نزم نەبووەوە و ئێستەیشی لەگەڵدا بێ کەناڵی لەیەکگەیشتنی سۆران و بادینان؛ زمانی عەرەبییە. ؟ ئایا عەرەبی تەئسیری سیحریی پێ بوو. ؟.. چ ڕەوای هەقە، دوای نزیکەی بیست ساڵ ئازادی و خوێندن بەکوردی وهەموو ئیعلام بەکوردی، مامۆستای دهۆکی لە بەرانبەر زمانی خوێندندا، دەستەوسان بێت، یاخود کاتێ لەگەڵ سەیدایەکی هەولێری، یان سلێمانی، یا کەرکووکی و ئەوانی دیکەدا، قسە دەکا، ناچار بیت پەنا بۆ عەرەبی ببات. ؟ ئایا ئەو زمانەی ـ بە ناهەق پێی دەگوترێت سۆرانی ـ بوو بە زمانی ژمەچێتر و جنۆکان کە فێرخوازی نازدار و دەلالی دهۆک لێی حاڵی نەبن و مەزنان دۆش دابمێنن لە بەرانبەریدا، بۆیە پەنا بۆ عەرەبی ببردرێت. ؟ یان دەستێک هەیە و بە ئەنقەست دەیەوێ کورد ـ وەک قۆناغی یەکەم ـ جارێ بکات بە دوو نەتەوە. ؟!

بۆ مێژوو: لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و لەگەرمەی شەڕی کورد و حکوومەتدا، کتێبێکی نیمچەقەبە بە نێوی (القچیە الکوردیە) وە دەرچوو، لە نووسینی مەحموود ئەلدوڕە بوو، کە لالۆیەکی عەسکەریی زۆر قەومی بوو.. کتێبەکە پڕ مەعلوومات بوو، چاک و خراپی تێدا بوو، کوردی بە سوارچاکی ڕۆژهەڵات لە قەڵەم دەدا، وەلێ هاوکات یەک پێناسەی لە خۆ گرتبوو کە ئەعسابی تێک دابووم، ئەویش ئەمە بوو: الٚکراد بگێ الفهم.. ! واتە: کورد، بیرکردنەوەیان سستە.. هەمیشە بیرم لێ دەکردەوە.. لێبەلێ، کە لەم سەروبەندەدا کاری بیسەروبەری کوردان دەبینم، دەڵێم دەبێ ئەو کابرایە گەلێک کوردناس بووبێت، دەنا لە قامووسی کام گەلدا هەیە، کۆمەڵێک خۆیان بە نەتەوەپەرست بزانن و خودان خامە و قەڵەم بن، لە زمانی یەکگرتووی میللەتیان هەڵگەڕێنەوە و بێژن ئەگەر بە لەهجەی خۆمان بخوێنین باشە، دەنا ڕێگەی دی دەگرینە بەر، هەروەک برادەرانی نووسەر فەرموویانە.

نووسەرانی هیژای دهۆک، لە بری ئەوەی یاداشتنامە بنووسن و ئیمزایان کۆ بکەنەوە، کە ئەم کارە ئەسڵەن ئەرک و شایەنی نووسەری نیشتمانپەروەر و دووربین نییە.. بلا داوا بکەن میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەریی ئەم ئاریشەیە و بزانرێ بۆچی بۆ کوردێکی دهۆکی؛ عەرەبی لە کوردی ـ کە بە زوڵم پێی دەوترێ سۆرانی ـ ئاسانترە. ؟! نەک بانگەوازکردن بۆ ئەوەی (نەخوێندن، باشترە لە خوێندن بە سۆرانی) کە لە پێوەری کوردایەتیدا کفرە، هەروەک سەیدا حەسەن سلێڤانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ لقی دهۆک ـ فەرمووبووی.. لەکاتێکدا، ئەم زمانەی ئێستە، زمانی ڕەسمیی حکوومەتی شیخ مەحموود و کۆماری قازی محەمەد و بارزانیی یەکەم بووە، هەروەک زمانی پایتەختی هەنووکەی کوردستانە بە سەرۆکایەتیی بارزانیی دووەم. جگە لەوەی خوێندن بەم زمانە لە شاری دهۆک لە حەفتاکاندا، سەلماندی کە زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵگەیش ئەوانەن کە لەو سەردەمیدا قوتابی بوون و هەتا هەنووکە هیچ کێشەی لە یەکترگەیشتنیان لەگەڵ هاونەتەوەیاندا نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر نا ـ زوو یان درەنگ ـ پێوەندیی کورد لەگەڵ یەکدیدا، وەک پێوەندیی گەلانی بێگانەی لێ دێ و دهۆکیش هێدی هێدی ـ بڤێ نەڤێ ـ لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و گەرمیان و خانەقین، دادەبڕێت و لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەکوو کەمایەتییەکی لێ دێت و بۆ حاڵیبوون لە یەکدی، دەبێ تەرجومانێک بکەوێتە نێوان، چ خۆیی بێ یاخود مێوان.. ئەمەیش ئاواتی دوژمنانە و هەرگیز نابێ بێتە دی، نە لە شار و نە لە کێوان.

2007/07/16

mohsinjwamir@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.